## چۆن لە دەوروبەر دەڕوانین ؟

هەڵسوکەوتی خەڵك ڕەنگدانەوەی بەهای تۆ نییە بەڵکو ڕەنگدانەوەی تێڕوانینی ئەوانە بۆ خۆیان .

کاتێک خەڵکی ڕەفتار و تێڕوانینی خراپیان هەیە و هەوڵدەدەن بە خەڵکی تریدا هەڵبواسن ، ئەوا پێی دەگوترێ ڕەنگدانەوەی دەرونی، بۆ نمونە کەسێک کە خۆشەویست نییە و دەچێتە ناو پەیوەندیی خۆشەویستی، بەرامبەرەکەی تاوانبار دەکات بەوەی کە گرنگیی پێنادات و خۆشی ناوێت یا دڵسۆز نییە بۆی .

کارمەندێک کە خۆی بەهای نییە لە کۆمپانیایەک و پرسیاری لێدەکرێ دەربارەی بەڕێوەبەرەکەی لە وەڵامدا دەڵێ ، ئەو بەڕێوەبەرە هەر نازانێ بەڕێوەبردن مانای چییە !

کەسێک کە متمانەی بەخۆی نییە ، کاتێک کەسێکی خاوەن متمانە و بەهێز دێتە ژورەوە هەر زو تاوانباری دەکات بەوەی کە لەخۆبایی و مەغرورە ، ڕەنگە زۆر جار توشی ئەو حاڵەتە هاتبین ، ڕەنگە زۆر جار لە هیچ و خۆڕایی خەڵکمان بە ڕوخسار هەڵسەنگاندبێت و لەخۆمانەوە ڕقمان بەرامبەریان هەڵگرتبێ .

کاتێک تاکەکان قوڵ نابنەوە لە ناخ ، ڕەنگدانەوەیان نابێ بەڵکو هەوڵدەدەن سروشتی خراپی خۆیان کە لە ناخ و نەستیاندا پەنگی خواردوە بیخەنە سەر بەرامبەرەکانیان و ناشرینیان بکەن و حوکمیان بەسەردا بدەن ، هەرچەند تاکەکان زیاتر حوکم دەربکەن هێندە کەمتر هۆشیارن .

خەڵکی ئاوێنەی کەسایەتیی تۆن ، ڕەنگدانەوەی هەمو ئەو خەسڵەتانەی تۆن ، جا باش بن یا خراپ ، پێت خۆش بی یا ناخۆش .کاتێک حوکم بەسەر خەڵکدا دەکەین یەکێک لەمانەی خوارەوە هۆکارن:

١- ئاکارێک لەو کەسە دەبینین کە خۆمان پێشتر هەمانبوە و بەرگەی ناگرین.

٢- شتێک لەوان دەبینین و ئیرەیی پێدەبەین چونکە خۆمان نیمانە.

٣- یا شتێک هەیە لەوان کە لە خۆشماندا هەیە بەڵام حەزمان لێی نییە .

غرور ئیزدیواجییەت دەبینێ بەڵام هۆشیاری یەکبون و ئاوێتەیی دەبینێ ، کەواتە تۆ حوکم بەسەر خەڵکدا ناکەی ، بەڵکو حوکم بەسەر ئەو ئاکارە خراپانە دەکەی کە لەخۆتدا هەن بەڵام هەستیان پێناکەی .

بۆیە جاری داهاتو کە شتێکی وا ڕودەدا پرسیار لە خۆت بکە ، ئایا ئەم شتەم کردوە ؟ ئەگەر وەڵامەکە بەڵێ بو ئەوا پرسیار بکە ئایا ئەم شتەم پێ قبوڵە لە خۆم ؟ ئەگەر وەڵامەکە نەخێر بو کەواتە بۆیە حوکمی بەسەردا دەکەم چونکە شتێکی کردوە کە من هەرگیز نایکەم ، شتێکە خۆشم لەسەری بە توندی دادگایی دەکەم .

کاتێک حوکم دەرکردن لە هاوکێشەکان لادەبەین سۆز دروست دەبێت ، کاتێک سۆز دروست بو بوار بە خەڵکی دەدەین هەڵە بکەن ، کەموکوڕییان هەبێ ، کەواتە لەجیاتی ئەوەی حوکم بەسەر خەڵکیدا بکەین بۆچی نەچینە قوڵایی ناخی خۆمان و کەمێک سەرنجی ئاکارە خراپەکانی خۆمان بدەین کە سەرهەڵدەدەن ، چونکە بەڕاستی کاتێک ئێمە حوکم بەسەر خەڵکیدا دەکەین ئەوە بەڵگەی ناهۆشیارییە ، بەڵگەی نەبونی پەیوەندییە لەگەڵ ناخی خۆمان ، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر ئاسەواری کاریگەریی کارەساتێک یا ڕوداوێکی کۆن ، بۆیە لەیادت بێ کاتێک کەسێک هەوڵدەدا ئاکاری ناشرینی خۆی بەتۆدا هەڵبواسێ ، هەڵسوکەوتەکانی ئەو ڕەنگدانەوەی بەهای تۆ نییە ، هیچ دەربارەی تۆ ناڵێت بەڵکو هەموشتێک دەربارەی ئەوە ، بەڵام بۆچی هەڵسوکەوتەکانی ئەو تۆ دەوروژێنێ ، ئەوە هەموشتێک دەربارەی تۆ دەڵێت و هیچ دەربارەی ئەو ناڵێت .

ئێمە جیهان وەک خۆی نابینین بەڵکو بەو شێوەیە دەیبینین کە خۆمان دەمانەوێ ، ئەی تۆ چۆن لە دەوروبەر دەڕوانیت ؟